# ڕێساگەلی حەوانەوە و ڕێکوپێکی لە مەلەگەی مورا

**بەوەی کە پارەی چوونەژوورەوەت داوە ئەوا ڕێساگەلی حەوانەوە و ڕێکوپێکی شارەوانیت بۆ دامەزراوەکە پەسەندکردوە.**

پێناسەی شارەوانی مورا بۆ مەلەوانی زانین "١٥٠ مەتر سنگەمەلە و ٥٠ مەتر پشتەمەلە (هاولایی)"

- لە مەلەگەکاندا ئەوە برەوی هەیە کە سەرپەرشت لە دڵنیایی منداڵەکانی بەرپرسە. مەبەست لە سەرپەرشت ئەو گەورەساڵە مەلەوانەیە کە (سەرو ١٨ ساڵانە)
- منداڵانی ژێر ١٠ ساڵ و ئەوانەی مەلە نازانن، کاتێک مافی هاتنەژوورەوەیان هەیە کە لەگەڵ سەرپەرشتێک دا بێت کە جلەکانی گۆڕیبێت. مەبەست لە سەرپەرشت ئەو گەورەساڵە مەلەوانەیە کە (سەرو ١٨ ساڵانە).
- سەرپەرشت هەمیشە ئەرکی سەرشانیەتی کە مزی هاتنەژوورەوە بۆ هۆڵی مەلەکە بدات و بە هۆکاری دڵنیایی ئەمانەوێت کە ڕاژەخوازەکانمان (کڕیار) لەناو مەلەگەکە جلیان گۆڕیبێت.
- مەلەکردن هەمیشە لەسەر بەرپرسێتی خۆ ئەکرێت. چاودێری مەلەوانەکان سنووردارە.
- بۆ دڵنیایی خۆت و سەردانکەرەکانی تر ئەبێت تۆ لەسەر ڕێنماییەکانی دڵنیایی و ڕێنوێنییە بەزارییەکانی کارمەندان بڕۆیت.
- ئاگات لە هاوەڵەکەت بێت – "چاودیریی یەکتری بکەن".
- ڕامەکە – مەترسی خلیسکان گەورەیە.
- هەرگیز پاڵ بە کەسەوە مەنێ و لەژێر ئاوەکەدا مەیگرە.
- شیلانەی هەواوەرگرتن(سنۆرکل) یان پێی دەستکرد بۆ مەلەکردن نابێت بەکاربهێنرێت،
- تەنها لە جلی مەلەکردنی پەسەندکراودا ئەبێت مەلەبکرێت. (جلی ژێرەوە نابێت)
- منداڵانی گەورەتر لە ٩ ساڵان نابێت بچنە ناو ژووری خۆگۆڕینی ڕەگەزی پێچەوانەوە.
- وێنەگرتنی کەسانی ناو دامەزراوەی مەلەکردنەکە بەبێ مۆڵەت ڕێپێ نەدراوە. ئەمە بۆ کامێرای ئاسایی و کامێرای مۆبایلیش ئەخوات. پەیوەندیی بە کارمەندانەوە بکە.
- لە هەموو سەردانەکانی بەگرووپدا پێویست بە قۆرخکردن ئەکات. لە قۆرخکردنەکەدا دیالۆگێک ئەکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ژمارەی ڕابەرە مەلەوانەکان. تەلەفۆن بۆ نووسینگەی مەلەگاکە بکە بۆ قۆرخکردن ١٥٩ ٢٥-٠٢٥٠.
- لە سەردانی بەگرووپدا هەمیشە ڕابەری دیاریکراو لە گرووپەکە بەرپرسە.
- ڕێزبۆدانانت بۆ قۆرخکردنی مەلەگاکە هەبێت لە کاتی خوێندنگای مەلەفێربوون/ وەرزشی ناوئاو چونکە مەلەگاکە/ چەند بەشێکی مەلەگاکە قۆرخکراوە.
- بوتلی شووشە لەناو هەموو ناوچەی مەلەگاکە قەدەخەیە.
- هەموو ئەلکهول خواردنەوەیەک قەدەخەیە.
- کارمەندی ژن و پیاو لەوانەیە لە هەردوو بەشەکاندا بن.

## جل گۆڕین- و ژوووری دوشکردن

- **ئێمە سیستەمی کێلوون(قفڵ) مان هەیە. کێلوونی خۆت کاری پێئەکرێت.**
- مەلەگاکە لە کاڵای بەنرخ بەرپرس نییە.
- پێش سۆنا و مەلە، بەبێ جلی مەلە دوش بکە.
- هیچ جلی مەلەیەک لە سۆناکە نابێت هەبێت.

## حەوزی مەلەفێرکردن

- حەوزی مەلەفێرکردن بە پلەی یەکەم بۆ ئەوانە تەرخانکراوە کە مەلە نازانن.
- خۆفرێدانە ناوئاو قەدەخەیە.

## حەوزی مەشقکردن

- **کەرەسەی یاریکردن تەنها لە هێڵی پێنج و شەش ڕێپێدراوە.**
- هێڵی یەک و دوو تەنها بۆ مەشقکردنە بەمەلە.
- خۆت دوورخەرەوە لە خۆهەڵواسین بەسەر گوریسەکاندا.

## حەوزەقووڵەکە

- تەنها مەلەوانەکان لە حەوزە قووڵەکەدا ڕێپێدراون. مەلەنەزانان بۆ هێڵی پێنج و شەش ئاراستە ئەکرێن.

- هەرجارە و یەک کەس ئەبێت لە بازگای مەلەکەدا(ترامپۆلینەکەدا) بێت.
- هیچ کەرەسەیەکی یاری ڕێگەپێدراو نییە.

## حەوزی مەساژدەر (جەکوزی)

- تەنها کاتێک مەلە بکە کە لە بڵقەبڵقدا بێت.
- ئەوپەڕی هەشت کەسان.
- وا پێشنیاز ناکەین کە دووگیانان لە حەوزی مەساژدا مەلە بکەن.

## شتی دیکە

- ئەرکی کارمەندان ئەوەیە کە دامەزراوەیەکی ئاسوودە و دڵنییا ڕابگرن و بەمەش مافی ئەوەیان هەیە کە ڕێساگەلی ڕێکوپێکی ناوچەیی داسەپێنن و ڕۆڵ دژی ئەو سەردانکەرانە ببینن کە لەسەر ئەمانە نارۆن.
- سەرپێچی ئەبێتە هۆکاری دوورخستنەوە/ ڕێنەدان بەهاتنەژوورەوە و ئەگەری ڕاگەیاندن لای پۆلیسیش، و پارەی هاتنەژوورەوە و مزی ڕاهێنانکردن نادرێتەوە.
- هەموو لێبوونێک و سوودوەرگرتنێک لە دامەزراوەکە ئۆباڵی بە ئەستۆی خۆیە.

کاسەکە ٣٠ خولەک (پێنجشەممان یەک کاژێر) پێش کاتی داخستن دائەخرێت.
مەلەگاکە ١٥ خولەک دوای داخستن کلیل ئەدرێت.

سوپاس بۆ بەشدارییکردنت بۆ مەلەگایەکی خۆشتر و خاوێنتر!

به پارێزەوە بۆ گۆڕانکاریی